# گونجان و نەگونجان لە دەقدا

پ.د. سەباح ڕەشید قادر
زانکۆی ڕاپەڕین

م.ی. نەزیرە سابیر مستەفا
زانکۆی کۆیە

**پێشەکی:**

دەق پانتایەکی فراوانە بۆ لێکۆڵینەو، وەك یەکەیەکی واتایی دادەنرێت بۆ شیکردنەوەی بەشەکانی. دەق ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت، کە چەند پەیوەندییەك لە نێوان بەشەکانیدا هەبێت، ئەم پەیوەندییانە ببێتە هۆی گونجاندنیان لەگەڵ یەکتریدا. دەشێ دەق نەگونجاوبێت، ئەگەر ئەم پەیوەندییانە نەبنە بونیادی دروست بوونی، بۆیە گرنگە تیشك بخەینە سەر ئەو پەیوەندییانەی، کە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە. هەر یەکەیەکی زمانی، کە بوونی هەبێت لە دەقەکەدا، پێگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە. زۆر بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە بۆ شیکردنەوەی ئەم لایەنە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە ناوەوەی دەقەوە هەیە، هەندێکیان پەیوەندیان بە دەرەوەی دەقەکەوە هەیە. زمانەوانەکان لێکۆڵینەوەکانیان لەم بوارەدا چڕکردۆتەوە، چەندین جیاوازییان خستۆتە ڕوو، لەوانە( ڤان دایك – دیبۆگراند – لیڤنسین – هاریس – براون ویوڵ – هالیدای و چەندانی تر ..... ) بەلای ئەمانەوە ڕێزمانی دەق بەشێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی گونجان و نەگونجانی دەق.

ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر چەمکی دەق و جۆرەکانی دەق لە بەشی دووەم ئەو پەیوەندیانە دەخەینە ڕوو، کە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە، کە تایبەتە بە هەردوو لایەنی(لکاندن و دەقبەستی). بەڵام زیاتر جەخت لە سەر لایەنی لکاندن دەکەینەوە. دواتر ئاماژەمان بە سەرچاوەکان کردووە. کورتەی باسەکەمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

**١-١- چەمك و پێناسەی دەق:**

لە ڕووی زمانەوانی و ئەدەبییەوە زۆر پێناسەی جۆراو جۆر بۆ دەق کراوە کە هەریەکەیان بە پێی تیۆرو ئاراستەی جیاوازەوە چەمکی دەق لێکدەدەنەوە. زمانەوانەکان بە پێی تایبەتمەندی زمانەوانییەوە دەڕواننە دەق و ئەدەبناسان لە ڕوانگەی ئەدەبەوە ئاماژە بە پێناسەی دەق دەکەن. دەق وەك یەکەیەکی زمانەوانی و ئەدەبی بۆتە پانتاییەکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوە. زانستی دەقناسی، تایبەتمەندییەکانی سەردەمیانەی دەق دیاریدەکات. هەندێك لە ڕوانگەی ئەرکییەوە پێناسە بۆ دەق دەکەن، کە ئەرکی گەیاندن ئەنجام دەدات. هەندێکی تر پێیانوایە دەق، گوتراو و نوسراو دەگرێتەوە...... هتد.

"هالیدای پێی وایە دەق یەکەیەکی سیمانتیکیە، زمان لە گەیاندن دەینوێنێت، کە بریتییە لە وشەیەك یان ڕستەیەك یان کۆمەڵە ڕستەیەك، کە یەکەیەکی ڕێزمانییە، درێژی و کورتی نابێتە پێوانە بۆ دەق" (Halliday &Hasan 1976 :1-2).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەق پرۆسەی گەیاندن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات، لە ڕێگەی کارلێکردن لە نێوان پێکهاتەکانی زمان دروست دەکات، کە دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی دەقی تر. هەمیشە ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان ڕستەکانی دەقەکەدا دەبینرێن بەشێك دەبن لە پێکهاتەی دەق، جا لە ناوەوەی دەق یان لە دەرەوەی دەق دابن، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر جەخت لەسەر کردەی گەیاندن و دەوربەری دەق دەکرێتەوە.

دەق تۆڕێکی ئاڵۆزە، بە سیستەمێکی دیاریکراو ڕێکدەخرێت، واتە کەرەسەکانی کە پێکهاتەی دەقن، هەمان ئەو کەرەسانەن کە پێکهاتەی ڕستەن لە ڕووی(دەنگ و ڕێزمان و واتا). بەڵام ئەوەی گرنگە لە دەقدا، ئەو پەیوندییەیە کە بەشەکانی دەقەکەو ڕستەکانەی بە یەکەوە دەبەستێتەوە. کاتێك ڕستەیەك لە نێوان دوو ڕستە دادەنرێت، پەیوەندیەکی واتایی هەیە، کە ئەم ڕستانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش یان بە پێی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەوە دەبێت، یان بە پێی ئەو دەورو بەرە دەبێت کە دەقەکە تێدا دەردەبڕێت.

### ١-٢- لە ڕستەوە بەرەو دەق

کاری زمانەوانی لە کۆندا لە سنوری ڕستەدا تێینەدەپەڕی، کە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ سەیردەکرا، نەبەستراوەتەوە بە هیچ دەوروبەرێك، خودی ڕستەکە هەڵدەوەشێنرا بۆ کەرەسە پێکهێنەرەکان، لە دەنگ و وشە بەشەکانی تری ڕستە . تەنها پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەیەك دەسنیشان دەکرا. بەڵام ئەم بۆچوونە نەیتوانی ئامانجەکانی شیکردنەوەی دەق بە تەواوی بپێکێت. چونکە ڕستە لە چوار چیوەی دەقدا بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەستراوەتەوە بە سیاقی زمانی و نازمانی ، بۆیە دەق بە گەورەترین یەکەی شیکردنەوە دادەنرێت. دیبۆگراند ئاماژەی بەوەکردووە" ئەوەی پەیوەندی بە لکاندنی ڕستەوە هەیە، بە تەمومژ دەورە دراوە، پێوانەی جیاواز بۆ ڕستە بە دوایەکداهاتووەکاندا دادەنێت"(١٩٩٨: ٨٨). واتە ئەو کەرەسانەی کە بەدوای یەکتردا ڕیزدەکرێن لە ڕێگەی سیاقەوە پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکرێت. دەسنیشانکردنی بەکارهێنانی زمان لە دەقدا بەهای پەیوەندی نێوان ڕستەکان و چۆنیەتی لکاندنیان دیاریدەکات، کاریگەری لەسەر واتای دەقەکە هەیە، بە ڕچاوکردنی لایەنی دەروونی قسەکەر/نووسەر و گوێگر / خوێنەر.

جۆن لاینز(j.Lyons) دوو جۆر ڕستەی جیاکردۆتەوە:

١- ڕستەی سیستەمی System sentence : شێوەی ڕستەیەکی نابەرجەستەیە چەندەها ڕستەی تری لێبەرهەمدێت، کە گونجاو بێت بە پێی ڕێزمانی زمانەکە. مەبەست لەو سیستەمەیە کە کەرەسەکانی زمانێکی دیاریکراوی پێ ڕیزدەکرێت(1996:260) لە زمانی کوردیدا ئەم ڕیزکردنە بە شێوەی(بکەر+بەرکار+کار) کەرەسەکانی ڕستە ڕیزدەکرێن.

٢- ڕستەی دەقی Sentence Text(1996:261): ئەو ڕستەیەیە کە لە دەورو بەر بەرهەمدێت، هەندێکجار ئەو دەوروبەرەش تەمومژاوییە، دەبێت هەوڵبدرێت ئەو تەمومژە لاببرێت بۆ ئەوەی کاری تێگەیشتن ئاسان بێت. تاکە کەسێك دەتوانێت لە یەك دەروبەردا چەندەها ڕستەی جیاواز بەرهەمبێنێت. "براون و یۆڵ لە شیکردنەوەی گوتاردا پشت بە جۆری دووەم دەبەستن، چونکە ئەم جۆرە ڕستەیە دەچێتە چوارچیوەی پراگماتیك(1989:19). شیکردنەوەی گوتار پشت بە سیاقی گشتی دەق دەبەستێت بە ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی باری گفتوگۆکردن و هەڵوێستی گوێگرو کاردانەوەکانیان و کەناڵی گەیاندن و کۆدە بەکارهاتووەکان". هەر بڕگەیەکی زمانی نووسراوبێت یان گوتراو، لە ڕووی درێژیەکەیەوە شێوەیەکی یەگرتووی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەبێت، ئەم یەگرتوویە لە ڕووی ڕوخسارەوە نەبێت، بەڵکو لە ڕووی واتاوەبێت"( Halliday & Hassan1976:1). ئەوەی دەق لە نا دەق جیادەکاتەوە، ئەو پەیوەندیە واتاییە کە کەرەسە زمانیەکەکان بە دوایەکتردا دەهێنێت، بۆیە ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بوونی دەق، جگە لەو سیستەمە زمانییە، کە دەقەکەی پێ ڕێکدەخرێت، پەیوەندییە واتایەکان هۆکارێکی ترن بۆ ڕێکخستنی دەق و یەکبەستی دەق، بۆیە چنینی دەق بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی دەق لە نا دەق، ئەمەش هۆکارێکە یارمەتی یەگرتوویی دەق دەدات، تا چنراوێکی پتەوی دەق بەرهەمدێت.

هاریس لە نیوەی سەدەی بیستەم گرنکی زۆری بە زانستی دەقناسی داوە، لە ساڵی ١٩٥٢ نوسراوێکی بە ناوی(شیکردنەوەی گوتار) بڵاو کردەوە، ئەمە بوو بە ڕێبازێك بۆ شیکردنەوەی گوتاری پێکبەستراو بە جۆری گوتراو نووسراو. هاریس لەم ڕێبازەدا جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکاتەوە:

١- پەیوەندیەکانی دابەشکردن لە نێوان ڕستەدا.

٢- بەستنەوەی نێوان زمان و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی(سعید حسن بحيری ١٩٩٧: ٢٠).

لە زانستی زمانی دەقدا گرنگی بەو پەیوەندییە زمانییانەی نێو دەق دەدرێت، لە ڕێگەی ئەو پێکبەستنەی، کە هۆکارە بۆ بە دوایەکهاتنی ڕستەکانی دەق و دۆزینەوەی ئەو لایەنە لێکچووەی، کە لەگەڵ تاکە ڕستەکەیدا هەیەتی. کەرەسەکان لە ڕستەدا لە سەر بنەمای پەیوەندی ستونی Paradigmatic و ئاسۆی Syntagmatic شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و ئەرکی وشەکان دیاریدەکرێت، چونکە هەر هێمایەك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، پەیوەندی هەیە لەگەڵ هێماکانی تری دەوروبەری لە دەقدا، دابەشکردنی بەشەکانی لەسەر بنەمای ئەرکی و پەیوەندی واتایی دەستنیشان دەکرێت. هەموو کەرەسەیەکی زمانی لە شوێنێکی دیاریکراودا کاردەکات. زنجیرەی دەربڕینەکان دەتوانرێت بەش بەش بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی بونیادی وشەیی و ڕستەیی، ئەمە هۆکارێکە بڕیار لەسەر گونجاندنی ئەو جۆرە ڕیزکردنە دەدات. نووسەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەمەوە وا لە خوێنەر بکات درك بەو دابەشکردنە بکات. واتە کاریگەری نێوان نووسەرو خوێنەر دەبێتە خاڵێکی تر بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەکردنی لە نێو دەقەکاندا.

دەتوانرێت بیاتی گشتی دەق[1] بەش بکرێت بۆ بونیادی بچووك، بۆ بەرجەستەکردنی واتای گشتی دەقەکە، چونکە لە بەشێکی بچوکی دەقەوە ئەو واتایەت دەستناکەوێت، کە نووسەر مەبەستیەتی، فەرامۆشکردنی بەشێکی بچووکی دەق لەوانەیە کاریگەری لەسەر واتای گشتی دەقەکە هەبێت. دەق لە چوار چیوەی بونیادی شێوەیی و بەرهەمهێنانی واتادا، پێکهاتەی جیاوازی هەیە، کە لە ڕێگەی کاریگەری بەردەوام لە نێوان بەشەکانیدا دروست دەبێت. ئەمەش بە هۆی دۆزینەوەی لایەنی گونجانی واتای ناوەوەی بەشەکاندا بەرجەستە دەبێت. دەق لەوانەیە ڕستەیەك بێت یان پەرتوکێك بێت لەسەر بنەمای سەربەخۆی و کرانەوەو داخراو بەرهەم دێت. ئەم دوو خاسیەتە بۆ جیاکردنەوەیانە. نووسەر سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە یەکسان نابێت بە سیستەمی

[1] – بونیادی گشتی دەق: مەبەست لە بونیادی گەورەی دەقە لە ڕووی واتاییەوە کە ڕووداوێك یان چەند ڕووداوێك لەخۆ دەگرێت . ئەم بابەتە بەستراوەتەوە بە بابەتی گشتی دەقەکە، کە پشت بە توانای نووسەر و خوێنەر دەبەستێت بۆ پاراستنی ڕەگەزەکانی ناو دەق . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ڤان دايك، نص والسياق، محمد خطابي،لسانيات النص) .


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

لێکدانی ڕستەکان، بەڵام دەتوانرێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوانیان بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەم دوو جۆرە دەقە دەخەینەڕوو:

### ١-٣- دەقی کراوە Open text :

دەقی کراوە شێوەیەکی تازەی نووسینی دەقی ئەدەبییە. ئەم چەمکە لە لایەن نووسەری ئیتالی (ئیمبرتۆئیکۆ) بەکار هاتووە. لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە پەرتوکێکدا بە ناوی(العمل المفتوح) بڵاوی کردەوە."ئەم زاراوەیە واتای کراوە دەگەیەنێت، جگە لەمەچەند چەمکێکی تر بۆ ئەم زاراوەیە خراوەتەڕوو ، وەك کاریگەری کراوە، کاری کراوە، دەقی کراوە"(أمبرتوایکو ٢٠١٣: ٥) تا ڕادەیەك ئەم زاراوەیە نزیك دەبێتەوە لە زاراوەی(دەقی خوێنراو)ی رۆڵان بارت. ئەم دیاردەیە تایبەتە بە خوێنەرو گرنگی خوێندنەوە. بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆری لێجیادەکەینەوە:

١- کرانەوەی دەقی لە ڕووی واتاییەوە: مەبەست لەو جۆرەیان، کرانەوەیە لە ڕووی واتاییەوە، واتە خوێنەر دەتوانێت لێکدانەوەی جیاواز بخاتە ڕوو، سروشتی دەقەکە و شێوازی بنیادی دەقەکە وا دەخوازێت، کە خوێنەر بەشدار بێت لە تەواوکردنی واتای دەقەکە. ئەم جۆرە دەقە چەند لێکدانەوەیەك لەخۆدەگرێت.

٢- کرانەوەی دەق لە ڕووی پێکهاتەوە: ئەو جۆرە دەقانە لەخۆ دەگرێت، کە خاوەنی سەرەتاو ناوەرۆکە، بەڵام بەشی سێیەمیان کۆتاییە بۆ خوێنەر جێدەهێڵرێت. لەم جۆرە دەقانە خوێنەر خۆی کۆتایی دەقەکە دەخاتە ڕوو. هەندێکجار ئەم کۆتاییە بە شێوەی پرسیار ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێت. خوێنەریش بە وەڵامێکی گونجاو بەشداری لە تەواوکردنی دەقەکە دەکات.

ئەو دەقەی، کە لە ڕووی واتاییەوە کراوەیە لە ڕووی شیکردنەوە چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، نووسەر جیهانی دەق بە کراوەیی بە جێدەهێڵێت، وەك داهێنانێکی هزری، چاوەڕێی ئاسۆ بینینی خوێنەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی کۆتاییەکی گونجاو بۆ دەقەکە. چونکە نووسەر هیچ دەرەنجامێکی دیاریکراوی نەخستۆتە ڕوو. لەم بارەدا. خوێنەر ماندووتر دەبێت، ئەمە چالاکی داهێنان بە خوێنەر دەبەخشێت، زیار چێژ لە دەقەکە وەربگرێت. "دەقی کراوە خوێنەرێك بەرهەمدەهێنێت، کەبەشدار بێت لە دانانی دەقەکە، نەك تەنها بەکارهێنەر بێت، ئەم بەشدار بوونە تەنها بونیادی دەقەکەو خوێندنەوە لەخۆنەگرێت، بەڵکو بەشدار بێت لە کردەی بەستنەوەی واتای دەقەکە بە یەکتریەوە. ئەزموونی خوێنەر هاوبەشە لە دانانی دەقەکە"(صلاح فضل ١٩٩٢:٢٩٧).

بوونی دەقێکی کراوە سەرچاوەیە بۆ دیاریکردنی داهاتووی واتاکەی، بە مەرجێك خوێنەر بە هەڵە دانەچێت لە بەکار هێنانی پێکهاتەی دەقە کراوەکە. بۆ دەستکەوتنی لێکدانەوەی واتا. کەواتە شارەزایی خوێنەر لە مامەڵکردن لەگەڵ دەقەکەدا پێویستیەکی گرنگە. کاردانەوەی خوێنەر بەستراوتەوە بە تێڕوانینی مەعریفی و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجی، ئەمە هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی نووسەر ئەم جۆرە دەقە ڕێگە بە خوێنەر دەدات، کە تێبینیەکانی ئاراستە بکات، ببێتە بەشێك لە بنیادنەری دەقەکە. لێردا خوێنەر نابێت بە لایەنێکی جیاواز و پێچەوانە، بەڵکو دەبێتە تەواوکەرێك بۆ دەقەکە. واتە جولانەوەیەکی دوانەییە. "جۆری کرانەوەی دەق پەیوستە بە جۆری نووسینەکە، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکە کە پێویستی بە دیاریکردنی چەند ئەگەرێك هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامی واتاکەی"(محمد عبد المطلب www.awu.dam.org).

### ١-٤- دەقی داخراو Closed text

دەقی داخراو بەرامبەر دەقی کراوە دانراوە، بە تەواوی پێچەوانەیەتی. ئەم زاراوەیە لە ڕووی چەمکەوە نزیکدەبێتەوە لە دەقی نووسراوی ڕۆلان بارت، " ئەو جۆرە دەقەیە کە خاون سەرەتاو کۆتاییە لە ڕووی بوونی واتاوە یەك جۆر لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت، وەك وەك دەقی یاسای زانستی(محمد عبدالمطلب www.awu.dam.org). لەم جۆرە دەقەدا خوێنەر ماندوو دەبێت بۆ دیاریکردنی دەرەنجامی دەقەکە. بەڵام چێژی خوێنەر تا ڕادەیەك دەوستێت، کاتێك پێشوازی ئەم جۆرە دەقە دەکات، چونکە هەموو بەشەکانی دەقەکە بە ئامادەکراوی دەدرێت بە خوێنەر، ئەمە وادەکات چالاکانە لە ناو دەقەکەدا کار نەکات. بە تایبەتی لە دەمی گێڕانەوەدا، خوێنەر بەرەو ناوەوەی دەقەکە دەچێت لە جیهلنی دەرەوەی دەقەکە دادەبڕێت، ناتوانێت بەشدار بێت بۆ داهێنان. ئەم جۆرە دەقە تارادەیەك تەمومژاوییە لە ڕووی واتاییەوە، هەموو خوێنەرێك ناتوانێت پێشوازی بکات، واتە لە خودی خۆیدا داخراوە، پێویستی بە خوێنەری نمونەیی هەیە کە خاوەن پێشینەیەکی توانایین. دەکرێ لێکدانەوەی دەقەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ لایەنی مێژوویی و فەلسەفی. ئامادەبوونی خوێنەر و نووسەر لەم جۆرە دەقەدا ئاڕستەیەکی پێچەوانە نیشان دەدات، هەرکاتێك نووسەر ئامادەبێت لە داهێنانی واتای تەواوی دەقەکەدا خوێنەر بەم شێوەیە ئامادە نابێت، بەڵام ئەگەر نووسەر ئامادەنەبێت لە دانانی دەرەنجامی دەقەکە ئەوا خوێنەر ئامادە دەبێت. دەقی گوتراو پێویستی بە ئامادەبوونی قسەکەرەکە دەبێت، بەڵام دەقی نووسراو پێویستی بە نووسەر نابێت. لە دەقی گوتراودا دەربڕینەکە دوای وتنی کۆتای دێت و نامێنێت، بەڵام دەقی نووسراو بوونێکی مادی هەیەو دەمێنێتەوە.

### ١-٥- گرنگترین سیمای دەق

لە گرنگترین سیماکانی دەق لێکۆڵینەوەیە لەو پەیوندییانەی، کە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە لەسەر ئاستەکانی زمان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکبەستی دەق و گونجاندنیان بە یەکەوە(سعید حسن بحیری ١٩٩٧: ٣٦). زمانەوانی دەق گرنگی بەم لایەنانە دەدات:

١- وەسف کردنی دەق لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی پێکهاتەکانی دەق وەك دانانی ڕستەی سەرەتاو ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، ڕوونکردنەوەی پەیوەندی واتایی لە ڕوانگەی لکاندن و یەکبەستی دەق لە نێوان ڕستەکاندا، تاوای نیشان بدات کە یەك ڕستەیە.

٢- شیکردنەوەی دەق : ئەمەیان پەیوەندی دەق بە جیهانی دەرەوە دەخاتە ڕوو، گرنگیدان بە سیاق ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە بۆ دەستکەوتنی واتا.

٣- ڕۆڵی دەق لە گەیاندندا: ئەمە دەوستێتە سەر بارودۆخی نووسەر و وەرگر.

٤- دیاریکردنی جۆرو شێوازی دەق و مەبەستەکەی(صلاح فضل١٩٩٦: ٢٤٨).

٥- پشت بەستن بە بنیادی دەقی لێکچوو لە ئاستی دەنگ و لێکدان و واتایی. لەگەڵ ئەو ستراتیژییەتەی، کە دەقەکەی پێ دیاریدەکرێت.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

**بەشی دووەم:**

**٢-١- لکاندن:**

بەیەکێك لە پێوەر گرنگەکانی زمانەوانی دادەنرێت بۆ وەسفکردنی دەق، پەیوندی بەستنەوەو لکاندن دروست دەکات. مەبەست لەو پەیوەندییە لۆژیکییانەیە، کە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە. "لکاندنی پشت بە پەیوەندییە ناوەکییەکان و ڕەگەزەکانی دەروبەر دەبەستێت، کە بەهۆی ئەمە تێگەیشتنی دەق دروستدەبێت"(دیبوگراند ١٩٩٨ :١٠٣).

**٢-٢- بنەماکانی لکاندنی دەق**

زمانەوانەکان گرنگییەکی تایبەتی بە لکاندن و گونجاندنی دەق دەدەن. پێیان وایە ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە واتای دەق، پشت دەبەستێت بە ڕستە پێکهێنراوەکانی و ئەو پەیوەنییەی کە لە نێوان ڕستەکاندا هەیە بۆ تێگەیشتن. دەق و گوتار تەوەری سەرەکین بۆ دەرخستنی ئەم دیاردەیە. براون و یوڵ پێیانوایە لکاندن و گونجانی دەق ، شتێك نییە کە ببەخشرێت و بوونی هەبێت لە دەقدا، لێکۆڵەر هەوڵی دۆزینەوەی بدات، بەڵکو بابەتێکە بونیاد دەنرێت، گونجان و نەگونجان لە خودی خۆیدا دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە وەرگر کە بڕیار لەسەر دەقەکە بدات، کە پەسندە یان نا؟( Brawn & Yule 1989:244).

گرنگترین بنەماکانی لکاندن ئەمانەن:

**٢-٢-١- سیاق و لکاندنی دەق**

بونیادی دەق لەدایکبووی چەند سەرچاوەو سیاقێکی جیاوازە، کە لەلایەن کەرەسە زمانییەکان و ئەو پەیوندییە تایبەتییەوە درەست دەکرێت، کە دەقەکە دەکاتە یەکەیەکی یەگرتوو. شیکردنەوەی دەق هەوڵی دۆزینەوەی ئەو سیاقە دەدات بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتنی پەیوەندییەکان. هەر دەربڕینێك خاوەن چەند واتایەکی جیاوازە، بەڵام هەر سیاقێك دەتوانێت یەکێك لەو واتایانە دیاریبکات.

بەناوبانگترین قوتابخانە کە گرنگی بە سیاقی دەق داوە قوتابخانەکەی فێرث بوو، پێیوابوو(واتا نادۆزریتەوە تەنها لە ڕێگەی سیاقەوە نەبێت(احمد مختار ١٩٩٨: ٦٨). سیاق ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە لکاندنی دەق، چونکە مەبەستی نووسەر یان قسەکر هەڵدەگرێت، ئاماژە بە بارو هەڵوێست و ڕووداوەکان دەکات. سیاقی زمانیش بە پێی ئاستی خۆی بەشداری دەکات لە ڕوونکردنەوەی واتای دەق بە هۆی جۆری بابەتەکەو ئەوەی کە لەپێشتر هەبووە یان لە دواتر دێتە ئاراوە. سیاق لە قسەکەر/ نووسەر / گوێگر/ خوێنەر و کات و شوێن پێکدێت(Broun & Youle 1989:37). ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شیکردنەوەی گوتاردا، چونکە هۆکارێك لە ئارادایە بۆ بەیەکگەیشتنی قسەکەر/نووسەر و گوێگر/خوێنەر. لەوانەیە هەمان دەربڕین بۆ کەسێکی تر یان شوێن و کاتێکی تر بوترێت، واتای جیاواز ببەخشێت، بۆیە ئەمانە بە لایەنێکی گرنگی دەستکەوتنی واتای دەق دادەنرێن.

زمانەوانەکان دوو جۆر سیاقیان دیاریکردووە:

١- سیاقی زمانی Verbal Context: ئەو سیاقە دەگرێتەوە، کە لە کەرەسە زمانییەکانەوە دەست دەکەوێت.

٢- سیاقی نازمانی Context of Situation: مەبەست لەو سیاقەیە، کە لە دەرەوەی دەقەکە دەدۆزرێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری ئاخاوتن و بەشداربوەکاندا هەیە.

هەر دەقێك لە سیاقە تایبەتییەکەی خۆی دابڕێت، ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مەبەستە. بۆ نمونـە: ئەگـەر لـە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا لەسەر لادیواری خانوێکی شاری هەولێر یان سلێمانی نووسرابێت:

- بڕۆخێ ڕژێمی بەعس، بژی پێشمەرگە.

ئەم دەقە لە سیاقی کاتی خۆی دابڕێنراوە، چونکە ئەم دیاردەیە لە ساڵانی هەشتاکاندا باو بـوو، کـە ئـەم جـۆرە دروشمانە بنووسرێت. بەڵام بۆ ئێستا هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، لەو کاتـەدا ئـەم دەقـە لـە لایـەن پێشـمەرگەوە ئاڕاستەی وەرگرێکی دیاریکراو دەکرا، کە خەڵکی کـورد بـووە، یـان پێشـمەرگە زیـاتر بـە مەبەسـتی کوردایـەتی و هەستی نەتەوەیی ئاماژەیان بـەم دەقانـە کـردووە، ئەگـەر ئـەم ڕابـردووە بـە ئێسـتا ببەسـترێتەوە، شـوێن هـەمان شوێنە، کەس هەمان کەسەو هەمان هەواڵ ڕاگەیانراوە، بەڵام ئـەوەی بـەهای دەقەکـەی لاوازکـردووە، ئـەو کاتەیـە کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە. واتە بە دەقێکی گونجاو نازانرێت بۆ ئەم سەردەمە، چونکە ئـەو ڕژێمـە بـوونی نییـەو کاریگـەری هەسـتی نەتـەویی لای وەرگـر دروسـت ناکـات. بـە وەرگرتنـی ئـەم دەقـە. هـیچ ئـەزموونێکی ئەوتۆتۆشی نییەو کاریگەری هەستی نەوتەوەیی لای وەرگر دروسـت ناکـات. ئەگـەر وەرگـر کەسـێکی بێگانـەبێت، ئـەوا دیسـان ئـەو دەقـە هـیچ بەهایـەکی لای ئـەو نابێـت، ئـەو تایبـەت نییـە بـە وەرگرتنـی ئـەم دەقـە. هـیچ ئەزموونێکی ئەوتۆشی نییە سەبارەت بە بارودۆخی ئەم نەتەوەو ئەم وڵاتـە. کەواتـە گۆڕانکـاری هـەر ڕەگـەزێکی سیاق دەبێتە هۆی گۆڕانی لێکدانەوەی دەقەکە.

لویس Lews ١٩٧٤دا بۆ پۆلینکردنی سیاق خاڵێکی جیـاوازتر دەخاتـە ڕوو، پێیوایـە کـە" ڕاسـتی و ناراسـتی گوتـار بەشـێکی تـری سـیاقە"(Brown & Yule 1989 :40 ). ڕاسـتی و ناڕسـتی لـە دەربڕینـدا بەشـێکی گرنگی کردە قسییەکانە. ئەو ڕستەیەی کە گوزارشت لە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە دەکات، پەیوەست دەکرێـت بـە قسەکەرەوە، چونکە بەڵگەی ڕاستی و ناڕستییەکە لای ئەو دەست دەکەوێت. یەك دەربڕین بۆی هەیە ڕاست بێـت یان ناڕاست بێت. بارودۆخی قسەکردن و ناڕوونی سیاق، جۆری جیاوازی لێدروست دەبێت لەوانە:

١- سیاقی زوڵاڵ Transparent context: ئەو سیاقە دەگرێتەوە، کە گوێهەڵخەر ئاگاداری ئەو ڕاسـتیە بێـت، کە قسەکەر دەیدرکێنێ. لێرەدا ڕاستییەکە لە سیاق دەترازێ و دەپەڕێتەوە دەورو بەری ئاخاوتنەکە.

٢- سیاقی نازوڵاڵ Non Transparent context: هەر سیاقێك بەمجۆرە لە قەڵەم دەدرێ، کـاتێ ڕێگـە دەدات خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێ، کە بەهای ڕاستییەکان، بۆگەڕاوەیەکی هاوبەشی هەبێت، ئەگەر ڕاسـتییەکان لـە نێـوان قسەکەرو گوێگر قەتیس بمێنێ، ئەوا سیاقێکی نازوڵاڵ دروست دەبێت(سەباح رەشید ٢٠١٦: ١٥٥).

Hymes لە سیاڵی ١٩٦٤ دا ئاماژەی بـە چـەند تایبەتمەندیـەکی دەق کـردووە، کـە گـرنگن بـۆ شـیکردنەوەی دەق (Brown & Yule 1989:38).

١- نێرەر : مەبەست لەقسەکەر یان نووسەرە، کە بەرهەمهێنەری گوتراوەکەیە.
٢- وەرگر : گوێگر یان خوێنەر، کە پێشوازی دەقەکە دەکات.
٣- گوێهەڵخەر: ئەو گوێگرانەی، کە ئامادەن بوونیان هەیە لە دیاریکردنی کردە قسەییەکان.
٤- بابەت : تەوەری ڕووداوی قسەکان لەخۆ دەگرێت.
٥- دەوروبەر : کات و شوێنی کردەی گەیاندن لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیوەندییە فیزیاییە لەخۆ دەگرێت، کە ئاماژە بە کاریگەرییەکان دەکەن.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

٦- **کەناڵ:** چۆنیەتی گەیاندنی کردە قسەییەکان دەگرێتەوە، واتە بە شێوەی گفتوگۆکردنە یان نووسراوە یان ئاماژەییە.

٧- **شێوەی پەیامەکە:** ئەو شێوەیە دەگرێتەوە کە لە پەیامەکەدا بەکارهاتووە، کە شێوەی (نامەیە – ئەفسانەیە – چیرۆکە – هتد).

٨- **کلیل :** ئەو هەڵسەنگاندنە لەخۆ دەگرێت، کە مەبەستی پەیامەکە، پەیامێکی چاکسازییە، یان ڕاڤەکردنێکی کاریگەرە یان سۆزدارییە.

٩- **مەبەست :** ئەو مەبەستانە دەگرێتەوە کە پێویستە بەشداربوان لە کردەی گەیاندندا ئاماژەی پێ بکەن. هەر وەك لەم لایەنانە تیشك دەخاتە سەر ڕوونکردنەوەی گوتار بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست.

**٢-٢-٢- پەیوەندی لکاندنی دەق بە وەرگر**

وەرگر یان خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە لکاندنی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە لەڕێگەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکە. ڕۆڵی کەمتر نییە لە نووسەر، چونکە خوێنەر واتای دەقەکە دەدۆزێتەوە، بە ڕەگەزی بونیادی پێکهاتەی دەقەکە و جیهانی دەرەوەی دەبەستێتەوە لە ڕێگەی هەڵوەشان و لێکدانی دەقەکە، "ئەمە گوزارشت لە توانای خوێنەر دەکات بۆ لێکدانەوەکە، بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکانی سیاق"(محمد خطابی ١٩٩١: ٥٦).خوێنەر وەك بەشداربوێکی بونیادی دەقەکە کاردەکات، تەنها بە دوای واتادا ناگەرێت، بەڵکو لە ڕێگەی واتاوە گرنگی و بەهای دەقەکە دەخاتە ڕوو. کاریگەری نێوان دەق و خوێنەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکە بەرجەستە دەبێت. کە دەقێکی تری تێدا بەرهەمدێت. خوێنەر تەنها ئاماژە بە ناوەڕۆکی بابەتی دەقەکەو سیاق ناکات، بەڵکو ئەو تایبەتمەندیانەش دەخاتە ڕوو کە لە ڕێگەی کاریگەری دەقەکە پێیگەیشتووە. "ئامانجی خوێنەر تەنها تێگەیشتن نییە لە واتای وشە بەکارهێنراوەکان، بەڵکو بەشداربوونی خوێنەرە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیری بەرجەستەکراوی ناو دەقەکە"(سعید حسن بحیری١٩٩٧: ٦٢). ئەم بنەمایە تایبەتە بە چۆنیەتی دیاریکردنی ئەو کاتەی کە لێکدانەوەی تێدا دەکرێت، وەك ئاماژەکردن بەکاتی ئێستا"( Brown & Yule 1989: 58).

**٢-٢-٣- بنەمای لێکچوون:**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ئەزموونی وەرگر بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی لێکدانەوەی واتا دادەنرێ. لێکچوون لە نێوان دەقێك و دەقێکی تردا هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی لێکدانەوەی واتا، ئەم لێکچونە ڕێژەییە، مەرج نییە لە هەموو خاڵێکدا لێکچوون هەبێت، بەڵام خوێنەر دەتوانێت درك بەو لێکچوونە بکات، لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا لێکدانەوە بۆ دەقەکە بکات. ئەم بنەمایە هەرچۆنێك بێت ناتوانێت لە کات و شوێنی خۆیدا دووبارە بێتەوە، بە گۆڕانی هەر ڕەگەزێکی سیاقی، گۆڕان لە واتادا دروست دەبێت، واتە ئەو لێکچونەی لە نێوان دوو دەقدا بەدی دەکرێت بە ڕێژەیەکی گونجاوە. شیکەرەوەی دەق دەتوانێت ئەو زانیارییەی کە لە دەقەکەوە وەریدەگرێت بیبەستێتەوە بە دیاردەیەکی تر، بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی پێشوو لە ڕێگەی دیاریکردنی یەکە گۆڕاوەکان و نەگۆڕاوەکانی نێو دەق، بەمە دەگاتە تایبەتمەندییەکانی جۆری دەقەکە. بۆ ئەوەی لێکدانەوەی گونجاو و پەسند بەرجەستە بکات. دەربڕینی جیاواز و لێکچوونی ناوەڕۆك نابێتە هۆی گۆڕانی تایبەتمەندییەکانی جۆری دەقەکە" گرنگی ئەزموونی پێشووی خوێنەر بۆ بەشداریکردنی لە درکپێکردنی بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دۆزینەوەی ڕێگایەکی گشتگیری، نایەتە دی تەنها لە ڕێگەی ئەزموونێکی دوورودرێژ نەبێت"(محمد خطابی ١٩٩١:٥٧).

خوێنەر دەقێکی لەبەردەستایە کە کۆمەڵێك زانیاری لێوەردەگرێت بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کەلای کەڵەکە بووە، کە لە دەقەکانی پێشوو وەریگرتووە، ئەمە ڕێگای دۆزینەوەی واتای دەقەکە ئاسان دەکات، "بۆیە بنەمای لێکچوون و لێکدانەوەی ناوەکی بەشێکی بنەڕەتی گریمانەکانی لکاندن لە ئەزموونی ژیانی گشتیو ئەزموونی گوتار"( Brown & Yule 1989:67 ).

## ٢-٢-٤- چوونە ناوەوە(التغریض The Matisation)

دوای ئەوەی دەق لە چوارچێوەی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکهاتوودا ڕێکدەخرێت، دانانی سەرەتاو کۆتایی دەقەکە بەشێکی ئەو ڕێکخستنە دەبن، بۆیە ئەمە دەبێتەخاڵی سەرەتای هەرگوتارێك"( Broun & Yule 1989:126). نووسەر هەوڵدەدات ڕستەیەکی گونجاو بۆ ناوەرۆکی بابەتەکە بکاتە دەستپێکی دەقەکە، لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە لە ڕستەکانی دوای خۆیدا بەرجەستە دەبێت، ئەمە هۆیەکە بۆ دروستکردنی کاریگەری لای خوێنەر و سەرنجراکێشانی بۆ ناوەوەی دەقەکە. ناونیشان ڕەگەزێکی گرنگی سیمۆلۆلۆجیای دەقە، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە لکاندنی بەشەکانی دەق و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتریدا. خوێنەر گرنگی تایبەتی بە ڕستەی دەستپێك دەدات بۆ لێکدانەوەی واتا، هەوڵدەدات ئەو پەیوەندیە بدۆزێتەوە، کە لە نێوان ئەو ڕستە و ڕستەکانی تردا هەیە و ڕادەی گونجانیان دەستنیشان دەکات. ناونیشان یان ڕستەی دەستپێك لە دەوری ڕەگەزێکی دیاریکراودا دەخولێتەوە، کە کەسایەتێکی دیارە، یان ڕووداویکی دیاریکراوە......هتد. جیاوازی لە نێوان ئەم ڕەگەزە دەبینرێت، کە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە بەدواداچوونی دەقەکەدا گرنگی پێدەدرێت. تابەرەو ناوەوەی دەقەکە بڕۆیت ئەم ڕەگەزە پێشدەکەوێت و گەشە دەکات. گرایمس پێیوایە"هەر گوتراوێك، هەر ڕستەیەك، هەر دەربڕینێك، هەر بازنەیەك و هەموو گوتراوێك لە دەرەوەی ڕەگەزێکی تایبەتی ڕێکدەخرێت تا ببێتە خاڵی سەرەتا"( Brown & Yule 1989:134). چەند ڕێڕەوێك لە بەردەم خوێنەر هەیە بۆ چوونە ناوەرۆکی بابەتەکە، لە ڕێگەی ڕوخساری دەقەکە، ئەمانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دروستبوونی پەیوەندی گونجان لە وانە:

### ٢-٢-٤-١- ناونیشانی دەق

ناونیشان یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەقی هاوتەریب، دەروازەیەکی بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوەی داهێنانە ئەدەبیەکان. لە سەرەتا ناونیشان تەنها وەك نیشانەیەك سەیر دەکرا، کە لەسەر پەرتوك و دەقەکان دادەنران. ناونیشان وەك بابەتێکی زانستی پەراوێز خرابوو، درك بە ئەرك و گرنگی ئەم بابەتە نەکرابوو. تا دواتر لە لایەن چەند لێکۆڵەرەوەو ڕۆشنبیرێکی ڕۆژئاوایی ئەم بابەتە کەوتە بەر تیشکی سەرنج و بۆچوونەکانیان لەوانەش(جیرار جێنت G.Gentte لیۆهۆك متران H. Metteran و لوسان گوڵدمان L.Goldmann و شاڵ گریفل CH.Grivel و ڕۆجر Roger Rofer .

ناونیشان لەسەرەتای هەموو دەقێکدا جێگیر دەکرێت، لە پێناو ئاماژە پێدانی جوانی ناوەرۆك بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری مەبەست(خمیل حمداوی ١٩٩٧:٧٩). لیوهۆك دەڵێت : "ناونیشان کۆمەڵە نیشانەیەکی


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

زمانەونییە(وشە – ڕستە – دەق ) لە خۆدەگرێت، بەشی سەرەوەی دەقەکەی بۆ تەرخان دەکرێت، ناوەرۆکی گشتی بە خوێنەر دەناسێنێت"(عامر رضا ٢٠١٤:٩١). ناونیشان بریتیە لە پەیامێکی زمانی ناسنامەی دەق دیاریدەکات. ئاماژە بە ناوەرۆکی دەقەکە دەکات، ئەمەش دیاردەیەکە واتای ناوەوەی ناوەرۆکی دەق دەخاتە ڕوو.

ناونیشان جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقی تەریب (Paratext)[2] کە دەرەوەی دەقی سەرەکی دەدەن، "یەکەم بەیەکگەیشتنی فیزیکی هەستپێکراوە لە نێوان دەق و خوێنەر، ناونیشان تاکە ڕێنیشاندەر و دەروازەی گوزەرکردنە بۆ چوونە نێو جیهانی دەق و بەشدارە لە ڕوونکردنەوەی ئاماژەکانی دەق، ئاشکراکردنی واتا و مەبەستە شاراوەکانی لە ڕووی چەمك و لێکدانەوە و پێکهاتەی دەق" ( بێری یاسین٢٠١٢: ٨١). ئەو ڕستە یان گرێیەی، کە بووە بە ناونیشانی دەقێك، ئاماژەیەکە بۆ دەقێکی بچووککراوەی دەقە سەرەکییەکە، کە لە گۆشەیەکی ناوەرۆکی بابەتی دەقەکەدا، چەند جارێك دووبارەدەبێتەوە.

هیچ دەقێك بە بێ ناونیشان نابێت، چونکە دەستپێك و خولقاندنی هەردەقێك لە ڕێگەی ناونیشانەکەیەوە بەرجەستە دەکرێت، واتە دەق و ناونیشان تەواوکەری یەکترین. بەو پێیە پێکهاتەی ناونیشان نیشانەی سیمۆتیکای[3] زمانە، بۆیە لێکۆڵەر خوێندنەوەی تایبەت بۆ نیشانەکان و چونیەتی بەکارهێنانیان بکات. لە بونیادی هەر دەقێکدا ناونیشان بەشێکی سەرەکی و گرنگە، ئاماژە پێدەرە بۆ خستنە ڕووی ئەو شاراوانەی، کە خوێنەر لە دەستپێکی خوێندنەوەکە لە لای روون نییە. "ئاوێنەی پێکهاتەی دەقە و کلیلی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەق لە ڕووی واتاو هێمادا، ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە نەهێشتنی تەمومژی دەق و ئاشکراکردنی واتا پرگماتییەکانی"(بێری یاسین٢٠١٢: ٨٢).

دانانی ناونیشان خاڵی دەستپێکی ئامادەکردنی دەقە، نووسەر بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕێت، کە بە تەواوی لەگەڵ ناوەرۆکی دەق یەکبگرێتەوە، نەبێتە چەمکێکی دابراو، هەمیشە پەیوەندیەکی گونجاوی پتەو هەیە لە نێوان ناوەرۆك و ناونیشانەکەدا، ئەگەر پەیوەندیەکی هاوبەش لە نێوان ناوەرۆك و ناونیشاندا نەبێت، نەگونجان لە خودی دەقەکە بەدیدەکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر لێکدانەوەی واتای دەقەکە دروست دەکات، لەم بارەدا خوێنەر ڕووبەڕووی تەمومژ دەبێتەوە. دانانی ناونیشان بۆ تابلۆی شێوەکاریش هەمان شتە، کە دەبێت بگونجێت لەگەڵ تەواوی ڕەنگ وسکێچی تابلۆکانی. هەندێکجار ناونیشان دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوە، پاڵنەرێکە بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە، جوڵەو نەمری بە دەقەکە دەبەخشێت ، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان خوێنەر و دەقەکە دروست دەکات. ناکرێ خوێنەر بە بێ بوونی پەیوەندی ناونیشان، ئاڕاستەی واتای ڕاستەقینە لە ناو دەقەکە بدۆزێتەوە. واتە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دەق و ناونیشان لە لایەك و ناونیشان و دانەر لەلایەکی ترەوە، دواتر لە نێوان وەرگرو ناونیشاندا هەیە، ئەگەر ناونیشانی دەق ناوێکی ئاماژە پێدەر بێت، ئەوا بەلا ی دانەر کورتەی ئەزموونی کارە هونەرەکەیەتی، ناونیشان وەك داوێك وایە، کە ڕایدەکێشێ بۆ خوێندنەوەی

---

[2] – دەقی هاوتەریب (Paratext ) ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ دەقی سەرەکیدا دەردەکەون" ئەمەش لە ڕێگەی کرەسەی زمانییەوە بەکاردێت، لەو دەوروبەرەی کە ئاماژەکە گوزارشتی تێدا دەکات. جا لە ژینگەی فیزیکی یان سیاق بێت" ( Yule1996:21) .

[3] – زاراوەی (semiotics) لە بواری زانستی هێماکاندا کاردەکات، بۆ یەکەم جار لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی(شارل ساندرس)لە ساڵی ١٩١٤ بەکارهێنراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەق(باسمە درمش٢٠٠٧: ٤٢) ناونیشان لە چوارچیوەی گشتی بابەتەکە دادەنرێت، هەندێك سیمای بابەتەکە دەخاتەڕوو، ئاماژە بەو بیرۆکەیە دەدات، کە دەروی بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکەی داوە. پێوانەیەکە بۆ دیاریکردنی سەرکەوتنی نووسەری دەق لە کاتی شیکردنەوەی دەقدا. خوێنەر دەتوانێت درك بە گرنگی ئەم ڕەگەزە بکات لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ناونیشانەکە یان بەشێك لە ناوەکەی، یان دانانی جێناوەکە بۆ ئەو کەسە یان ناونیشانەکە دەگەڕێتەوە، هەندێکجار بەکارهێنانی کات لە خزمەتی تایبەتمەندی ئەو ڕۆڵە دەبێت کە بەکەسەیەتییەکە دراوە. ئەم ئامرازانە بۆچوونە ناوەوەی هەر کەسێك بەکاردێت. نمونە: ((ماڵی نانی)) (پەرهەنگ)ی دایکی ئەگەر لە بنەڕەدا مانای(هەم جوان و هەم ناسك)ە، ئەوا لەوێ دەبێتە(هێشتا دنیا تاریك دانەهاتووە).....(پەرهەنگ) لای خەڵك بەنانیNanny ناسراوە(کاراوان کاکە سور ٢٠١٤: ١٠).

ئەم دەقە سەرەتای ڕۆمانێکە بە ناونیشانی (ماڵی نانی)نووسەر لە سەرەتادا ئاماژە بە ناوی ئەم کەسایەتییانە دەکات کە کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکەن کە (پەرهەنگ)ـە جگە لە و ناوە بەناوی (نانی)ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەردوو ناوەکە بە دەیان جار لە نێو دەقەکە دووبارە دەبێتەوە، جگە لە ناوەکە نووسەر ئاماژەی بەو خاسییەتانە کردووە کە گوزارشت لە ڕەفتارەکانی نانی دەکەن کە دەڵێت، نانی واتە(هێشتا دنیا تاریك دانەهاتووە)یان بە واتای دایەن دێت، بەڵام بەم شێوەیە بەکار دەهێنرێت(باوەڕ مەکە بیدۆزیتەوە...) واتە ئەم دەربڕینانە گوزارشت لە کەسایەتی نانی دەکەن، وەك پێناسەیەك وان بۆ چەمکی ناونیشانەکە. نووسەر خۆی چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە ناونیشانەکە خستۆتە ڕوو واتا ڕووداوەکان لە دەوری ئەم کەسایەتییە دەخولێتەوە. چوونە ناوەوە بە شێوەیەکی پلەیی دەست پێدەکات. ناونیشان یەکەم دەستپێکە.

**٢-٢-٤ ڕستەی دەروازە**

دەستپێکی هەر ڕووداوێك بە ڕستەیەك یان زیاتر ئاماژە بە بەشێکی سەرەتای ڕووداوەکە دەکات. کە ئەم ڕستەیە بە ڕستەی دەروازە ناو دەبرێت. ئەمە دووەم هەنگاوە، کە خوێنەر پشتیپێدەبەستێت بۆ واڵاکردنی دەروازەیەکی تر تا بگاتە ناوەڕۆکی دەقەکە. دەبێت نووسەر هۆشیارانە بیر لە واتای ئەو ڕستەیە بکاتەوە، کە دەبێتە دەستپێك بۆ دەقەکە "ئەم جۆرە ڕستەیە لای (ڕیمۆند جۆن)[٤]ئاماژەی پێکراوە لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ڕۆمان" (وحيید بن بە عزیز١٦٦:٢٠٠٨). ڕستەی دەروازە سەرەتایەکە بۆ دارشتنی دەق، بەهایەکی گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، ئەم ڕستەیە تەنها ئەرکی گەیاندنی واتای نییە، بەڵکو دۆزینەوەی دەروازەیەکە بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە و گوزەرکردن بەناو ڕێڕەوەکانی تر. دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم ڕستەیەدا، ڕەگەزی دەقە ئەدەبیەکە بزانرێت، یان شێوازی دەقەکە دەستنیشانبکرێت، بەتایبەتی لە دەق گێڕانەوەدا گرنگی تایبەتی هەیە لە لای نوسەر و خوێنەر، دەتوانرێت شێوازی گێڕانەوەی خودی و بابەتی بزانرێت. دەکرێت ئەم ڕستەیە ئاڕاستەی خوێنەر بکرێت بۆ ئەوەی هاریکار بێت بۆ خەمڵاندنی ئەم بەیەکگەیشتنە بەرامبەرییە.

ئەم ڕستەیەی کە لە دەستپێکی دەقەکەدا دەبێت سەرەتای ڕیزکردنی ڕوداوەکانە، چەند ڕستەیەکی تری بەدوادادێت کە پەیوەندی واتایی ڕیزیان دەکات. ڕستەی دەروازە، دەشێت بەشێکی بچووکی ڕووداوی سەرەکی

---

[٤] - (ریمۆن جۆن) ڕەخنەگرێکی فەرەنسییە ئەزموونی زۆری هەیە سەبارت بە لێکۆڵنەوەی ڕۆمان، کاری لەسەر بەرهەمەکانی (ئالان ڕۆب و ناتالی ساروت و کلود سیمۆن و میشێل بیتۆر کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ کتێبێکی بە ناوی( Pratigue de literatue ) چاپکردووە، کەباس لە گرنگی ڕستەی دەروازە دەکات.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

بێت، کە ڕوداوە لاوەکیەکانی پێداهەڵدەواسرێت. ڕێزمانی دەق ئاماژە بە چۆنییەتی ڕیزکردنیان دەدات. مەرج نییە ڕستەی دەروازە یەکەم ڕووداو بێت لە دەقەکەدا، دەکرێت ڕیزبەندی ڕووداوەکان بە گوێرەی کات یان شوێن گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام بەشێکی ڕوداوەکە دەبێت. ئەگەر دەقەکە گێڕانەوە بێت و بە شێوەی بازنەیی ڕووداوەکە ڕیزکرابێت، ئەوا ڕووداوی کۆتاییە یان دەرەنجام دەکرێت بە دەروازە.

نمونە:

(نەدەکرا، نەخێر، بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا ئەم چیرۆکە بگێڕیتەوە)(کاروان کاکە سور ٢٠١٤: ٧).

(نەدەکرا)ڕستەیەکە باسی نەرێی کارێك دەکات، لە دوای خۆی وشەی (نەخێر) تەواوکەری نەرێی کارەکە ڕادەگەیەنێت و جەختی لێدەکاتەوە، دواتر ڕستەی (بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا ئەم چیرۆکە بگێڕێتەوە). لێرەدا خوێنەر بە تەواوی دڵنیا دەبێتەوە لە نەرێنی ئەم کارە کە باس لە گێڕانەوەی چیرۆکێك دەکات. لە ڕێگەی ئەم دەروازەوە دەتوانرێت بزانرێت کە ئەم چیرۆکە دەرەنجامێکی خراپی هەیە. ڕستەکانی تر وردە وردە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە چیرۆکەکە دەخەنە ڕوو. نووسەر لێرەدا ئاماژە بە کۆی گشتی ڕووداوەکان دەکات. کە چیرۆکێکی ناخۆشە، بەڵام دواتر دێتە سەر بەشەکانی ئەم ڕووداوە. واتە لە گشتەوە بۆ بەش دەچێت. دەبێت نووسەر لە داڕشتنی ڕستەی دەروازەدا بە ئاگابێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی نێوان ڕووداوی سەرەتاو ڕووداوەکانی تر بە یەکەوە ببەستێتەوە، چونکە ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرنجڕاگیشانی خوێنەر بۆ بە دواداچونی ڕیزبەندی ڕووداوەکان.

هەمیشە ڕێزمانی ڕستە سەرەتایەکی گرنگە بۆ ڕێزمانی دەق. ئەمەش پەیوەستە بە فراوانکردن و گەشەپێدانی ئەو سیستەمەی کە بونیادی دەقەکە دیاریدەکات. لە چوار چێوەی دەقدا چەند هۆکارێك کاریگەری هەیە لە سەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان و ڕیکخستنیان لە ڕێگەی ڕستەکانەوە. هاریس هەوڵێکی زۆری داوە کە وەسفی یەکە زمانیەکان بکات لە پێناوی پۆلینکردنیان لە شێوەی چەند گروپێك، بتوانرێت لە ڕستەکاندا بە پێی مەرجی بوونیان لە دەروبەردا(سعید حسن بحيری ١٩٩٧: ١٩).

### ٢-٢-٥- ڕیزکردنی ڕووداو:

ڕووداو ئەو کار و کردەوانە دەگرێتەوە، کە لە کەسێك یان شتێك ڕوو دەدات، لە کات و شوێن و دەرو بەرێکی دیاریکراو ، سروشتی چالاکی ژیانی مرۆڤ نیشان دەدات. ڕووداو پەیوەستە بە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە. ستراتیژییەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ڕستە و کردارەکانەوە بنیاددەنرێن.

ڕێکخستنی ڕووداو لە دەقدا یەکێکی ترە لە بنەما گرنگەکانی لکاندنی دەق. ئەگەر "ڕستە گوزارشت لە ڕووداو بکات، ئەوا پێویستە زنجیرەی ڕستەکان ڕێکخراوبن، کە گوزارشت لە چەند ڕووداوێك بکەن"(ڤان دایك ٢٠٠٤: ١٥٠). واتە ئەم جۆرە ڕیزکردنە ئاساییە، ڕستەکان لە ڕێگەی ڕووداوەکان بەیەکەوە دەلکێنرێت. دەق گوزارشت لە چەند ڕووداوێك دەکات، هەر ڕووداوێکیش بە چەند ڕستەیەك گوزارشتی لێدەکرێت، واتە ڕووداو لە سێ بەش پێکدێت(سەرتا – ناوەڕاست- کۆتایی). دەبێت نوسەر هەوڵبدات ئەم سێ بەشە لە چوار چێوەی دەقێکی یەکگرتوودا ڕێکبخات بە پێی سیستەمی ڕێزمانی و واتایی بە پشت بەستن بە دەوروبەری زمانی و نازمانی.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٢-٥-١- ڕیزکردنی ڕووداو لە گوتنی دوانەییدا[٥] :**

هەمیشە لە گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆدا بەلایەنی کەمەوە دوو کەس بەشداری دەکەن، قسەکەر و گوێگر، ئەم دوو بەشداربووە بە هۆی بەردەوامی لە گفتوگۆکردندا، ڕۆڵەکانیان ئاڵگۆڕی پێدەکرێت، واتە قسەکەر دەبێتە گوێگر یان بە پێچەوانەوە. بابەتێك هەیە لە نێوانیان کە دەبێتە تەوری باسەکە. " لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە شێوازدا هەیە، بەڵام زۆربەی قسەکەرەکان ڕێگایەك دەدۆزنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکە و کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە"(Yule1996:16). چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە لە نێوان قسەکەرو گوێگر، وەك ئاستی ڕۆشنبیری، تەمەن، پلەی نزیکیان لە یەکترییەوە، جۆری بابەتەکە، بە پێی ئەم هۆکارانە دەتوانرێت شێوازی گفتوگۆکە دەستنیشان بکرێت کە لە چ ئاستێکدایە؟ بەشداربوانی گفتوگۆکە بۆ ئەوەی کاری تێگەیشتن ئاسان بکەن هەوڵدەدەن شێوازی گفتوگۆکەیان لێك نزیك بێت. دەربڕینەکان لە شێوەی پرسیار و وەڵام داواکاری ڕازیبوون و ڕازینەبوون دادەبێت. جا دەستپێکی گفتوگۆکە بە پرسیار و وەڵام دەستپێدەکات. بەشداربووەکان دەربڕینەکانیان دەخەنە ڕوو بە شێوەیەك لە شێوەکان. بەشی یەکەمی گفتوگۆکە ئینجا بەشی دووەمی بە دوادادێت، ئەگەر ئەم دوو بەشە ئامادەنەبن یان یەکێکیان کەم بوو، ئەوا گفتوگۆکە بەسەر کەوتووی ئەنجام نادرێت. مەرج نییە هەمیشە بە دوای بەشی یەکەمی گفتوگۆکەدا ڕاستەوخۆ بەشی دووەم ئاماژەی پێبکرێت، لەبەر دوو هۆکار:

١- هەندێکجار لە دوای بەشی یەکەمدا کەمێك وەستان لای قسەکەری دووەم بەدیدەکرێت، بۆ ئەوەی وەڵامێکی گونجاو بدۆزێتەوە.

٢- یان پرسیارێکی تر دێتە ناوەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕوونکردنەوەی تەواوی وەڵامی پرسیاری یەکەم وەك:

ق١ : أ – دەتەوێت زوو بگەیتە سلێمانی؟

ق٢ : ب – کەی دەگەیتە ئەوێ؟

ق١ : پ – کاتژمێر یازدەو نیو.

ق٢ : ت – ئەمە بۆ من زۆر باشە.

ئەم دوو قسەکەرە لە گفتوگۆکەدا هەردووکیان پرسیاریان لە یەکتری کرد، واتە لێرەدا ڕستەی (ب)نەبوو بەوەڵام بۆ(أ)، بەڵکو ڕستەی (أ)و(ب) هەردووکیان پرسیاربوون، لە بەشەکەی تردا واتە(پ)و(ت) هەردوو لق وەڵام بوون بۆ (أ) و (ب). ئەم بارە دروستبوو بە یەکداچوونی دوو پرسیارەکە. کاریگەریی پرسیاری (أ) بووە هۆی هاتنە ناوەوەی پرسیاری (ب) بۆ وەرگرتنی وەڵامێکی گونجاو. ئەم گریمانەیە بەسود دەبێت، ئەگەر وەڵامی (ت) بوونی هەبێت بۆ بەدوایەکهاتنی هاتنە ناوەوە(Insertion Sequence).

**٢-٢- ٥-٢- ئەو ڕەگەزانەی کار لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان دەکەن**

ڕووداوەکان کۆمەڵە کردارێکی بەیەکەوە بەستراون کە پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە چەند کەسیایەتییەك لە نێوانیادا هەیە، چەند هۆکارێك کاریگەرییان هەیە بەسەر جۆری ڕیزکردنی ڕووداوەکان. بارو دۆخی هەموو ڕەگەزەکانی ڕووداو بە پێی پێگەکانیان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان.

---

[٥] – "گوتنی دوانەیی یان هاوسێ(Adjacency pair) ئەم زاراوەیە لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا بەکاردێت بۆ بەدوایەکهاتنی دوو گوتەی هاوپەیوەند لە لایەن دوو قسەکەری جیاوازەوە، گوتەی دووەم هەمیشە وەڵامە بۆ ئەوەی یەکەم"(ویدسۆن٢٠٠٨: ١٢٧)


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

١ - کەس : چەقی سەرەکییە بۆ گفتوگۆکردن جا کەسی قسەکەر بێت یان گوێگر یان کەسانی تر واتە گوێهەڵخەر بێت. کە دەتوانرێت لە ڕێگەی جێناوە کەسییەکان ئاماژەیان پێدەکرێت. ڕووداوەکان بە پێی کەسەکان ڕیزدەکرێن کاتێك قسەکەر باس لە ڕووداوێك دەکات، تەنها ئەو ڕووداوانە دەخاتەڕوو، کەتایبەتن بە کەسێك ئاماژە بە هیچ ڕووداوێکی تر ناکرێت لە دەرەوەی ئەمەدا.

٢ - کات: ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە قسەکەی تێدا دەوترێت، یان ئەو کاتەی ڕووداوەکەی تێدا ڕووداوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئاوڵکارە شوێنییەکان گوزارشتیان لێدەکرێت.

٣- شوێن : مەبەست لە شوێنی دروستبوونی ڕووداوەکانە.

**٢-٢-٥-٣- گرنگی بابەت لە ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا:**

ڕێکخستن و ڕیزکردنی ڕووداوەکان بە پێی گرنگی بابەتەکە و بەهای زانیارییەکە لە لایەن قسەکەر/ نووسەرەوە بەشێکی تر دەبێت لە چینی دەقەکە. نووسەر هەوڵدەدات ئەو بابەتەی کە بە لایەوە گرنگە لە بەشی پێشەوەی دەقە ئاماژەی پێبکات، کاتێك شوێنی ئەو بەشەی دەقەکە گۆڕانکاری بەسەراهات گرنگی بابەتەکە دەچێتە ئاستێکی تری دەقەکە. وەك:

١- - أ – سارا لە خوێندنگا هاتەوە[س١]. خۆی گۆڕی[س٢]، نانەکەی خوارد[س٣] و دەستی کرد بە وانە خوێندن[س٤].

ئەم ڕستانە بە پێی کات ڕیزکراون. لە (١ – أ)دا. گرنگی بابەتەکە پەیوەستە بە(گەڕانەوەی سارا لە خوێندنگا) واتە دوای هاتنەوە، ڕووداوەکانی تر ڕوویانداوە. واتە یەکبەستی دەقەکە بە هۆی کاتەوە دروستبووە. ئەگەر یەکێك لە ڕووداوە لاوەکییەکان بگۆڕێت ئەوا نەگونجان لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان دروستدەبن و یەکبەستی دەقەکەش تێکدەچێت.

ب – سارا لە خوێندنگا هاتەوە[س١]. دوای ئەوەی خۆی گۆڕی[س٢]، نانەکەی خوارد[س٣]و دەستی کرد بە خوێندن[س٤].

پ- سارا خۆی گۆڕی[س٢]و نانەکەی خوارد[س٣] و دەستی کرد بە خوێندن[س٤] و لە خوێندنگا گەڕایەوە[س١].

لە(١- پ)دا ڕستەی (س٢) شوێنی ڕستەی(س١)ی گرتووە، ئەویش چۆتە کۆتای دەقەکە. بەڵام درك بەوە دەکرێت کە ئەم ڕستە بە شێوەیەکی گونجاو بە بەشەکانی تری دەربڕینەکە نابەستێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان.

ڕێگایەکی تر بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان بە هۆی دەروبەرەوەوە دەبێت وەك (جیهانی دەق – کات – شوێن) بە یارمەتی ئاوەڵناوەکان و ئاوەڵگوزارەی کات و شوێن. وەك

- خانزاد کە دەچۆوە بۆ لادێیەکەیان بیری لە نەهامەتییەکان دەکردەوە، ئەو زۆربەی کات بیری لەو ئازارانە دەکردەوە، کە لەوێ تووشیببوون.

لەم دەربڕینەدا بابەتەکە باس لە (بیرکردنەوە)ی کەسێك دەکات، کە ئاماژە بۆ کاتێکی ڕابردووی ژیانی دەکرێت بەستراوەتەوە بە کاتی ئێستای، واتە کردارەکە لە هەردوو بەشی دەربڕینەکە هاوبەشە، بەڵام لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە کاتی ڕابردووی ڕووداوەکە دەکات، لە بەشی دووەمداد ئاماژە بە کاتی ئێستا دەکرێت. هەندێك جار ڕیزکردنی ڕووداوەکان پەیوەست دەکرێت بە ڕستەی شوێنکەوتەی هۆیی:

أ- تارا نەخۆش بوو، نەهات بۆ ئاهەنگەکە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب- تارا نەخۆش بوو لەبەر ئەوە بۆ ئاهەنگەکە نەهات.

پ- لەبەر ئەوەی تارا نەخۆش بوو بۆ ئاهەنگەکە نەهات.

ڕووداوی یەکەم بریتیە لە(نەهاتن) کە لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە.

سەرەتای دەربڕینەکە بریتیە لە ڕستەی هۆکار، ئەگەر بونیادی ڕیزکردنەکە ڕستەی هۆکار بگۆڕێت پێویستی بە ئامرازی هۆکار دەبێت، واتە بە شێوەیەکی لۆژیکی ڕووداوەکە ڕیزکراوە یەکبەستی دەقەکە گونجاو دەبێت. ئەم ڕستانە دەتوانرێت بەم شێوەیەش بەدوایەکتر دابێت:

أ- تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، ئەو نەخۆش بوو.

ب- تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، دوای ئەوەی ئەو نەخۆش بوو.

پ- تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، چونکە نەخۆش بوو.

هەڵگەڕانەوەی ڕستەکان ئاماژە بەخاسیەتی واتای و ئەرکی پڕاگماتیکی دەکەن، ڕستەی سەرەتا گوزارشت لە بابەتی(نەهات) دەکات، ڕستەی شوێنەکەوتەی بەدوادا هاتووە، کە گوزارشت لە ڕوونکردنەوەی نەهاتنەکە دەکات. ئەگەر مەبەستی قسەکەر ڕستەی شوێنکەوتووبێت، ئەوا بەشی کۆتای بەهایەکی گەورەی هۆشەکی هەیە. واتە بەشی یەکەمی ڕستەکە گوزارشت لە یەکبەستی دەقەکە دەکات کە هەردووکیان پەیوەستن بە یەکترییەو.

## ٢- ٦- بابەتی دەق (بونیادی گشتی) Topic of Discourse :

مەبەست لەو بابەتەیە کە دەبێتە تەوەری سەرەکی بۆ داڕشتنی دەقەکە و کۆی گشتی باس لە بابەتێکی دیاریکراو دەکات، بوونی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی یەکبەستی دەقەکە، بونیادی واتایی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکدا هاتوو، کە بەردەوامی بە دەقەکە دەدات، کورتی و درێژیەکەی پەیوەست دەبێت بە جۆری دەقەکەوە، زانیارییەکانی ئەم بابەتە بەشێوەیەك ڕێکدەخرێت و لێکدەدرێت دەبێتە یەکەیەکی گشتی بۆ بابەتەکە. ئەمە کاریگەری گەورە دروستدەکات بۆ لکاندنی دەق و گونجاندنی واتای گشتی دەقەکە. بونیادی گشتی دەق ڕێگایەکە خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو بنەماییەی کە لادان و سڕینەوەی چەند دەقێکی بچوك دروستدەکات، بەڵام لە گوتاردا زیاتر لادان و سڕینەوەی ڕستەیەك دەبێت، کە خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم بونیادە بیدۆزێتەو. کاری دۆزینەوەی تەوری سەرەکی بابەتەکە لە ڕێگەی دووبارە ڕێکخستنەوەی ناوەرۆکی دەقەکەوە دەبێت، ئەگەر یەکبەستی دەق لە ئارادا بێت، ئەوا کاری خوێنەر ئاسنتر دەبێت، بۆ گەیشتن بە واتای گشتی دەقەکە، بەڵام کاتێك کە ڕووداوەکان پەرش و بڵاودەبنەوە چەند بابەتێکی تر دێتە ناوەوە، جۆرێك لە ئاڵۆزی لە نێو دەقەکەدا بە دیدەکرێت. نموونە:

- شیلان جارێکیتریش دوا کەوت، هیچ کاتێك ڕووی نەداوە لە کاتی خۆیدا ئامادەبێت.

لەم دەقەدا چەند ڕستەیەك بەدوایەدا هاتوون، کە گوزارشت لە چەند ڕووداوێك دەکەن، ڕستەی یەکەم بەشێکە لە ڕووداوە گشتیەکە، کە تایبەتە بە بارێکی دیاریکراو، ڕستەی دواتر باس لە ڕوودانی گشتی ئەم دیاردەیە دەکات، کە چەند جارێك دوبارە دەبێتەوە، واتە ڕستەی دووەم گوزارشت لە ڕووداوە گشتیەکە دەکات، بەڵام ڕستەی یەکەم گوزراشت لە ڕووداوە تایبەتییەکە دەکات، هەندێکجار جۆری ڕوداوەکە وادەخوازێت ڕیزکردنەکە پێچەوانە بێتەوە وەك:

- خانووەکەم بینی زۆر خوشبوو، ژوورەکانی گەورەو فراون بوون .

ڕستەی سەرەتا ئاماژە بە بینینی بەشی گشتی خانووەکە دەکات، بەڵام ڕستەی دووەم بەشێکی بچووکی خانووەکە باس دەکات. پەیوەندی نێوان ئەم ڕستە بەدوایەکداهاتوانە کاریگەری زۆری هەیە بۆ گونجاندنی دەقەکە. واتە ڕستەی دواوە لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندی بە ڕستەی یەکەمەوە هەیە.

**٢-٧- کاتی گوتن:**

زمان سیستەمێکە چەند ئاستێکی جیاوازی هەیە لەوانە ئاستی (دەنگ و وشەو ڕستە و واتا)، بەڵام ئەو ئاستەی کە کاتی تێدا دەدۆزرێتەوە ئاستی ڕێزمانی و واتاییە، لە چوارچێوەی وشەو ڕستەکاندا چەند ئاماژەیەك هەیە، کە گوزارشت لە کات دەکەن. زمانەوانەکان زۆر گرنگی بەکاتی دەق دەدەن کەپەیوەستە بە سیاق و دەورو بەری دەربڕینەکەوە.

مەبەست لەو ساتەیە کە قسەکەر کاری گوتن ئەنجام دەدات، واتە باس لە ڕووداوێك یان بابەتێك دەکات. کاتی گوتن لای قسەکەر دیاریدەکرێت." کاتی (ئێستا) ئەو کاتە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا قسەدەکات، تا دەگاتە ئەو کاتەی کە دەنگەکە دەگاتە لای گوێگر" (Yule1996:14). لێکدانەوەی پراگماتیکی ڕۆڵێکی گرنگی دەبینێت لە دیاریکردنی ئەم کاتەدا، ئەم کاتە لە دەرەوەی وشەو دەربڕینەکاندایە واتە پەیوەندی بە سیاقی قسەکردنەوە هەیە. هەندێك جار گوتن یەکسان دەبێت لەگەڵ کاتی ڕوودانی ناو ڕستەکە. بە مەرجێك ڕوودانی قسەکردنەکە لەگەڵ ڕوودانی ناو ڕستەکە هەمان کات بێت. بە تایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی ئاوەڵگوزارەی (ئێستا) کە ئاماژە بۆ کاتی ئێستای قسەکردن و ڕووداوەکە دەکات. نموونە:

- ئیستا نان دەخۆم.

ئەم ڕستەیە گوزارشتکردنە لە ساتی گوتن و ساتی ئەنجامدانی کارەکە. قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم ڕستەیەی دەربڕیوە، بەڵام هەمان دەربڕین لەلای کەسێکی تر بگێڕدرێتەوە، واتەدەبێتە دەربڕینێکی ناڕستەوخۆ ئەوا کاتی گوتنی قسەکری دووەم جیا دەبێتەوە لە کاتی (نان خواردن). نموونە:

- ئەو وتی . ئێستا نانەکە دەخۆم.

کاری ڕستەکە لە ڕووی کاتەوە ڕانەبردووە، بەهۆی مۆرفیمی (دە) ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی (ئێستا)ی دەبڕینەکە، گوزارشت لە کاتی ئێستا دەکات نەك ڕانەبردوو.

ئەو وشەو زاراوانەی گوزارشت لە کاتێکی دیاریکراو دەکەن. وەك (ئەمرۆ، بەیانی ، دوێنێ، ئێستا، سبەینێ، هەفتەی دواتر، هەفتەی پێشو، یان کاتەکانی کاتژمێر، کاتەکانی سەر ڕۆژ ژمێر). "ئەمانە پشت بە شیکردنەوەو زانیاری کاتی گوتن دەبەستن کە پەیوەندییان بەم کاتانەوە هەیە"(Yule1996:14). دوروبەری گوتن دەتوانن دەستنیشانی ئەم کاتانە بکەن. نموونە:

- کانیاو ئەمرۆ سیمینارەکەی پێشکەشکرد.

کاتی گوتن لەگەڵ کاتی ڕووداوەکە هاوکاتە لە ڕووی ڕۆژەوە، ئەگەر وشەی (ئەمرۆ) بریتیبێت لە ڕۆژی دووشەمە ئەوا ئەم کاتە لای قسەکەر گوێگر ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام مەرج نییە هەموو بەکارهێنانێکی (ئەمرۆ) واتای (دوو شەممە) بگەیەنێت. قسەکەر وگوێگر دوو ئاڕاستەن بۆ دەستنیشانکردنی کات.(منذر عیاشی) لە م بارەوە سێ جۆر کاتی دیاریکردوە یەکەم " کاتی ناردن، دووەم کاتی وەرگرتن، سێیەم کاتی دەروبەر، کاتی یەکەم و

دووەم بەدوای یەکتریدا دێن، یەکەمیان لە ئێستا دەست پێدەکات و لە داهاتوودا کۆتایی دێت، دووەمیش لەو شوێنەدا ئاخاوتنەکە لە ڕابردوو کۆتایی هاتووە دەست پێدەکات" (هۆگر مەحمود٢٠٠٠: ٩٣). کاتی سێیەمیان پەیوەندی بە دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە هەیە، ڕەوتی ئاخاوتنەکە ئەم جۆرە کاتە دیاریدەکات، کە لە ڕووی پڕاگماتیکییەوە لە بونیادێکی زمانی و کۆمەڵێك پەیوەندی دروست دەبێت کە ئاخاوتن خۆی تیادا خاڵی دەکاتەوە (هۆگر مەحمود٢٠٠٠: ٩٣).

کاتی گوتن پەیوەندی بە بەشداربووی ئاخاوتنەوە هەیە، کاتی دەستپێکردنی پەیوەندی و دەستکردن بە ئاخاوتن بەکاتی گوتن دادەنرێت لە لایەن قسەکەرەوە، هەرکاتێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا، ئەوا ڕۆڵی قسەکردن دەدرێت بەهاوبەشێکی تر کە پێشتر گوێگر بووە، ئەم کاتی گوتنی قسەکەری دووەمە، واتە کاتی گوێگرتن یان وەرگرتن لەم بارەدا کۆتایی هاتووە، زۆر جار قسەکەر مەبەستەکانی لە کاتی گوتنەکەدا بەرجەستە دەکات. لە کاتی ڕووداو.

أ- بەیانی تاقیکردنەوەمان هەیە، خۆت ئامادەکردووە؟

ب- بەڵێ خۆم ئامادە کردووە.

قسەکەر مەبەستی لە کاتی (ئێستا)یە کە قسەکەی تێدا دەکرێت، نەك بەیانی کە بوونی لە ناو ڕستەکەدا هەیە، چونکە ڕووداوەکە دەچێتە دوای قسەکردنەکە. هەمیشە کاتی گوتن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر. هەندێك دەربڕین لە کاتی خۆیدا نەوترێت لەوانەیە ئەو بەهایەی نەبێت لە دەرەوەی ئەم کاتەدا. ئەم ڕستەی سەرەوە ئەگەر لە دوای تاقیکردنەوەکە بووترێت ئەو نرخەی نییە، کە لە پێش تاقیکردنەوەکەدا دەوترێت. کاتی قسەکردنەکە کە پەیوەندی بەدوای قسەکردنەوەکەوە هەیە، دەکرێ کاتی گوتن بە پێی جۆری گوتنەکە ئاماژەی پێبکرێت، هەمیشە گوتنی ناڕاستەوخۆ یان گێڕانەوە لە کاتی ئێستای دادەبڕێت و دەچێتە کاتی ڕابردوو. کە ئەمە دەچێتە باری گواستنەوەی ڕووداوەکە لە ئێستا بۆ ڕابردوو. قسەکەر دەتوانێت لە ئێستادا باس لە ڕووداوی کاتی ڕابردوو یان داهاتوو بکات.

کاتی گوتن ڕەگەزێکی گرنگە بۆ بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکترییەوە، لە ڕێگەی ئاوەڵگوزارەکانی کات. لە دەقی گێڕانەوەدا بونیادنەری چەند شێوازێکی جیاوازە. کات ڕەگەزێکی بنەڕتییە هۆکارە بۆ تێپەڕاندی ڕووداوەکان، کاتێك نووسەر پشت دەبەستێت بە کات بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان لە سەریەك هێڵی ڕاست، ئەم جۆرە بە تەواوی لە ڕیزبەندی ڕووداوی واقیع دەچێت. لە دەقی گێڕانەوەدا بە(بونیادی شوێنکەوتە)ناو دەبرێت. " ئەم جۆرەی ڕیزکردن بۆ یەکەم جار لە لای فۆرمالیستەکان سەریهەڵدا بە تایبەتی لای ڤلادمێر بروب، کە لە حیکایەتی فۆلکلۆری کۆڵییەوە ئاماژەی بەم لایەنە کرد"(پەرێز سابیر٢٠٠١ :١٣١). لە چیرۆکی کۆندا بەکارهاتووە بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان. لەم جۆرە بە پێی کات، ڕەوتی ڕووداوەکان گوزەر دەکەن، یەکێتی بابەتی تێدا بەدی دەکرێت. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چیرۆکەکان بە زۆری ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە. هەر لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا تاکۆتایی باس لەیەك بابەت دەکەن، هیچ پەڕینەوەیەك لە نێوان تەوەرەکاندا بەدیناکرێت، بەڵکو هەمووی دەبەستێت بەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکان، بەدوایەکهاتنی ڕستەکان کە باس لە ڕووداوەکانی یەك بابەت دەکەن، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕستەکان دروستدەکەن لەسەر ئاستی واتایی. جۆرەگونجانێك لە نێوان پێکهاتەی دەقەکاندا پەیدا دەبێت، هەمیشە درك بەوە دەکرێت، کە ئەم دەقانە تەواوکری یەکترین. "هەر زمانەو


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

سیستەمێکی تایبەتی هەیە لە ڕیزکردنی کەرەسەکانی نێو ڕستە، هەموو ئەو ڕستانەی کە لە نێو دەقێکدا کۆدەکرێنەوە پێویستە گوزارشت لە کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕێکخراو بکەن"(ڤان دایک٢٠١٣: ١٩٣). ڤان دایک ئاماژەی بەو بنەمایانە کردووە کە تایبەتە بە ڕیزکردنی ڕووداوەکان، ئەو پەیوەندییانە دەخەنە ڕوو کە بڕیار لەسەر ڕێکخستنی ڕووداوە بە دوایەکهاتووەکان دەدات، ئەم پەیوەندییانە بنەما مەعریفیەکان لەخۆ دەگرێت وەك: درکپێکردن و گرنگیدان، کە لەم چوارچیوەیەدا چەند جۆرێکی دیاریکردووە وەك : گشتی و تایبەتی، بەش و گشت، کۆمەڵەو بەشە کۆمەڵە، گەورەو بچوك، ناوەو دەرەوە، خاوەن و خاوەندار"(ڤان دایك ٢٠١٣: ١٩٧-١٩٨).

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم تۆژینەوە ئەمانەن:

١- وەرگر یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی گونجانی دەق، چونکە هیچ دەقێك لە خودی خۆیدا بە گونجاو یان نەگونجاو لە قەڵەم نادرێت، ئەگەر لەلایەن وەرگر یان خوێنەرەوە شیکردنەوەی بۆ نەکرێت.

٢- ڕێزمانی دەق بەشێکی گرنگە بۆ گونجاندنی بەشەکانی ناوەوەی دەق. وەك ڕێکخستنی ڕستەکانی ناو دەق و هۆکاری بەدوایەکداهاتنیان، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ گونجاندنیان. هەروەها بنیاتی گشتی دەق و جۆری بابەتەکە و ڕیزکردنی ڕووداوەکان و پێکهاتەی ناوەوەی دەقەکە بەیەکەوە دەگونجێنن.

٣- کات و کەس و شوێن و دەوروبەری دەق، لە دەرەوەی دەقەکە ڕۆڵیان هەیە لە دەستنیشانکردنی گونجاندنی دەق.

٤- ناونیشان و ڕستەی دەستپێك یەکەم دەروازەیە کە وەرگر ڕووناکی لێوەردەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی گونجانیان لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکە.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١- بێری یاسین حسین ٢٠١٢، هەندێك لایەنی پراگماتیکی فراوان (ماکرۆ پراگماتیك) لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین.

٢- پەرێز سابیر ٢٠٠٠، بونیاتی چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣- سەباح رشید قادر٢٠١٦ ، تیۆری چێوەرێژەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی ڕاپەڕین،ژ.٧٠.

٤- کاروان عمر کاکە سور٢٠١٤، ماڵی نانی(ڕۆمان)، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٥- هۆگر مەحمود فەرەج ٢٠٠٠، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

٦- احمد مختار١٩٨٢، علم الدلالة، دار العروبة، كويت.

٧- باسمة درمش ٢٠٠٧ ، عتبات النص، مجلة العلامات مجلد ٦١ ،العدد ٣


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

٨- جميل حمداوى١٩٩٧، صورة العنوان في الرواية العربية، عالم الفكر، المجلد ٢٥، العدد ٣.
٩- روبرت ديبوجراند١٩٩٨، النص والخطاب والاجراء. ت: تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة.
١٠- سعيد حسن بحيري ١٩٩٧، علم لغة النص ، المفاهيم والاتجاهات ، المفاهيم والاتجاهات ،الشركة المصرية العالمية للنشر .لونجمان.
١١- صلاح فضل ١٩٩٢، بلاغة خطاب وعلم نص، مطابع سياسة، الكويت.
١٢- فانديك ٢٠١٣،النص والسياق استقصاء في البحث الدلالي والتداولي، ت: عبدالقادرقنيني،افريقيا الشرق، المغرب.
١٣- عامر رضا ٢٠١٤، سيماء العنوان في الشعر هدى ميقاتى، مجلة الواحات للبحوث والدراسات، المجلد ٧، العدد ٢.
١٤- محمد خطابي ١٩٩١، لسانيات النص مدخل الى انسجام الخطاب، المركز الثقافي العربي، بيروت.
١٥- وحيد بن بو عزيز ٢٠٠٨ ، حدود التأويل ، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

16-George Yule1996, Pragmatics, Oxford University press.
17-Gillan Brown& George Yule, 1983. Discourse analysis Cambridge Universty , New York.
18-Halliday M.A.K and Ruquaya Hassan1976 Cohesion in English , Longman, London
19- John Lyons 1996, Linguistic semantics An introduction ,Cambridge University press.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

٢٠- (محمد عبدالمطلبwww.awu.dam.org).

**ملخص**

للنص مساحة واسعة للدراسة، لأنه يمد وحدة ذات معنى لتحليل ومكوناته، ويمكن تجسيد النص اذا وجدت مجموعة من العلاقات بين مكوناته، بشرط أن تصبح تلك العلاقات سببا لملائمته النصوص مع بعضها، ويمكن ان يكون النص غير ملائم اذا لم تصبح تلك العلاقات اساسا لولادته. لذلك من المهم جدا ان نسلط الضوء على تلك العلاقات التى تربط اجزاء النص مع بعضها. ان كل وحدة لغوية اذا وجدت في النص ، تكون لها مكانة خاصة لبناء تلك العلاقات، وهناك اراء مختلفة لتحليل النصوص قسم منها يتعلق بداخل النص، والقسم الاخر منها يتعلق بخارج النص، حيث ركز اللغويون دراساتهم وبحوثهم من هذا الجانب، فأظهروا مجموعة من الاختلافات، ومن هؤلاء (فانديك – ديبوجراند - ليفنسن – هاريس – براون ويول- هاليداي وأخرون) فهولاء يرون أن نحو النص قسم مهم لتحديد ملائمة النص وعدم ملائمته.

هذه الدراسة تتكون من فصلين رئيسين، نسلط الضوء في الفصل الاول على مفهوم النص وانواعه، وفي الفصل الثاني نعرض تلك العلاقات التي تربط بين أجزاء النص، التي تختص بطرفي (الانسجام والتماسك)، ولكن نركز على الانسجام أكثر من الاخر.

## Abstract

Context is a regarded as a very comprehensive field. It is considered as a unit of meaning contributes in the analysis of its parts. Text is approved when there are connections among its parts in a condition that these connections result in a kind of coherence and unity among these components. The absence of the essential elements in context may lead to have a broken text.

Every linguistic unit in a context plays a great role in constructing a good relationship to work together. There are many different views for the analysis of these aspects that same of them relate to the component of context, and same relate to the external factors out of context. There are many linguists that place emphasis on the relationship among linguistic elements in the context, namely (Van Dijk, Debogrand, Levinson, Harries, Brown &Yule, Halliday and many others) for these linguists, grammar highly contributes in determining the existence and the absence of harmony in the text.

This study consists of two sections. The first chapter is devoted to the concept and the types of the text. Whereas the second chapter, covers all the elements of text that connect. The parts of text from the perspective of (Cohesion & Coherence; however it pays more attention to the cohesion.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)